# ڕۆژهەڵاتێکی نوێی ناوەڕاست: بۆ هەژموونی ئەمەریکا!

ئاسۆ کەریم



پازدە ساڵ زێترە، ئەمەریکا، ئاغا و هێزی هەرە دەستڕۆیشتووی جیهانە، بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە. ئەمەریکا لەگەڵ خۆیدا چی بۆ ناوچەکە هێناوە؟ وەک خۆیان دەڵێن توانییان، دیموکراسی، ئاشتی و ئارامی، نیزام وخێر و خۆشی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەهایەکی تری"جیهانی ئازاد" لە ناوچەکەدا بچێنن؟ داخوا مارکس گوتەنی، ئەمەریکا لە «حقبە»ی خۆیدا، ئەو ناوچەیەی لە سەر شکلّی خۆی "بە ئەمەریکاییکردن" داڕشتەوە؟ داخوا بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لەم ڕۆژهەڵاتە چەقبەستووە، ژیار جودایە، بۆ دوورخستنەوەی مەترسی و هەڕەشەی تیرۆر لەناو وڵاتی خۆی، بۆ "چاکتر ئیدارەدان و مەیسەربوونی بەرژەوەندییەکانی"، هەر بەهێزی سەربازی و لە دەرەوەڕا، لێ دەخورێ؟ یان دان بە شکستی خۆی دێنێ و دەڵێ "ناشێین کنە لە بنیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ژیاری ئەو ناوچەیە بکەین"، و جاڕی بە کۆتا هاتنی"حقبەی ئەمەریکایی" لە ناوچەکەدا دەدەن و ناوچەکە دەدەنە دەست قەدەری خۆی و لەبەرانبەر تیرۆریزم و ڕادیکالیزمی ئیسلامیدا، ناوماڵی خۆیان قایم دەکەن؟ چ گۆڕانکارییەک لە تاکتیک و ستراتیژییەکانی تایبەت بەم ناوچەیە و عێراق دەکەن کە ئێمەی کورد، بەشێکین تیایدا و تا ئەمڕۆ وەکو دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا خۆمان ناساندووە، یان ناحەزان وایان ناسیوین؟ لە هەر گۆڕانکارییەکدا، ئاسۆی دۆزی کورد و ئەم قەوارە سیاسییەی لەسەردەمی "ئەمەریکایدا" پێکمان هێناوە، بە چ ئاقارێکدا گەشە دەکا و چارەنووسی ئێمە لەناو ململانێکانی داهاتووی هێزە بە نفوز وزەبر بە دەستەکانی ئەقلیمیدا بەچی دەگات؟ یان ئێرە وەکو دورگەیەکی تەناهی و خۆشگوزەرانی دەمێنێتەوە و پارێزگاری لە خۆی دەکا؟ دەیان پرسیار و پرسیاری ترکە وەڵامدانەوەیان کارێکی ئاسان نییە و تەفاعولی نێوان هۆکارەکانی دەرەکی و ناوەکی، ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری دەکەن کە بەچ ئاقارێکدا دەکەوێتەوە.

گەر بەم "حقبە"یەدا بچینەوە، ئەمەریکا لە ڕووێکدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەم شکست و زیانیش، دیارە ئەوە ئەمەریکییەکان خۆیان دەزانن هاوکێشەی قازانج و زەرەر، لێکبدەنەوە و هەڵبسەنگێنن! بەڵام ئەمەریکاش یا دوو ڕژێمی بێزراو، سەرچاوەی هەڕەشە بۆ خۆی و بەرژەوەندییەکان و تەنانەت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش و مافەکانی مرۆڤ لەناو ببا: ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق، یەکەمیان پەناگە و سەرسەدە و قزگەی ڕێکخراوی قاعیدە بوو، کە بەرپرس بوو لە تەقینەوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، دووەمیشیان سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و تەناهی ناوچەکە، جگە لەوە خەڵکی ناوچەکە، سەرەڕای هەندێ حەساسیەتی مێژوویی، بە ئومێدبوون دەراوێکیان بە ئاقاری خێرو خۆشی و کرانەوە و ڕێزگرتنی کەرامەت و مافەکانیان لێ بکرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەمەریکا پەیتا- پەیتا بانگەشەی بۆ کردوون.

لێ لە هەردوو وڵاتدا، ئەمەریکا نەشیا بە هاوکاری لایەنگرانی خۆی، ئاشتی و ئاسایش بەدی بهێنێ و سیستەمێکی حوکمڕانی کارا پێکەوە بنێ کە پرۆسەی بنیاتنانەوە دەست پێ بکا و نیزام بچەسپێنێ و بەر لە توندوتیژی وبێ سەروبەری بگرێ، دیارە بێ ئەمانە قسەکردن لە دیموکراسی و مافەکای مرۆڤ و بازاڕی ئازاد و خێرو خۆشی چ مانایەکی نامێنێ. نەک هەر ئەوە پلەی دوژمنایەتیکردنی ئەمەریکا لەم دوو وڵاتە و تەواوی ناوچەکەدا، چۆتە سەر و گومان لەسەر نیاز و مەبەستەکان دروست بوون، ئەمە بێ لەو زەرەر و زیانی ماددی و ئینسانییەی کە ڕۆژانە لە ئەمەریکا کەوتووە و دەکەوێ و تەنانەت بەقسەی وەفیق سامەرائی "زیانەکانی ئەمەریکا بۆ ئاستێکی نا ئاسایی بەرزبوونەتەوە، ڕۆژانە لە دوو کوژراوەوە بۆ چوار کوژراو". ئەمە لەکاتێکدا کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا، لە کۆنگرێسدا، پێگەی حزبەکەی ئیدارەی ئێستای بۆش دەردەکەوێ و ترسی لەنگبوونی قورسایی بە قازانجی حزبی دیموکرات لە ئارادایە.

هاوکات لە ناوچەکەدا، ئێران لەناو عێراقدا نفووزێکی زۆری هەیە و لەبەرانبەر «تحدی» ئەمەریکایی سەبارەت بە دۆسییەی ئەتۆمی، وەک هەندێ سەرچاوە دەڵێن، هەم تەنسیق لەگەڵ قاعیدەدا و ئەنساری ئیسلامدا دەکا و تەنانەت گوایە داڵدەی هەندێ

ریچارد هاس گوتەنی، سەردەمی هەیمەنەی ئەمەریکایی بەکۆتادێ و سەردەمێکی "تازە" ڕۆژهەڵاتێکی نوێی ڕۆژهەڵات" دەست پێ دەکا و گرنگترین رووکار و ئەدگاری ئەو سەردەمە تازەیە، بەقسەی ریچارد، پەرەسەندنی نفووزی ڕادیکالیزمی ئیسلامییە لەناوچەکەدا



سەرکردایەتی دیاری ئەو ڕێکخراوە دەدا، ئەمە بێ لە کاریگەری و نفووزی ئێران بەسەر حزبوڵڵای لبنان و حەماسی فەڵەستینی، لەکاتێکدا پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل-فەڵەستینییەکان تەگەرەی تێ کەوتووە، ئەوروپاش لە هەمبەر پرۆژەکانی ئەمەریکادا، دردۆنگ بووە یان هاندەر و شەریک نەبووە، ڕووسیا و چین-یش بەخۆ کەوتوونەتەوە و ئەجێندای خۆیان هەیە.

لە هەمووشی خراتر، هەردووکۆنە دۆستی ئەمەریکا : میسر و سعودیە هاریکاری، ئاڕاستەکانی ئەمەریکا ناکەن و زێتر گومان لە ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دەکەن...بە هەموو ئەم پێوەرانە ڕیچارد هاس گوتەنی، سەردەمی هەیمەنەی ئەمەریکایی بەکۆتادێ و سەردەمێکی تازە" ڕۆژهەڵاتێکی نوێی ڕۆژهەڵات" دەست پێ دەکا و گرنگترین ڕووکار و ئەدگاری ئەو سەردەمە تازەیە، بەقسەی ڕیچارد، پەرەسەندنی نفووزی ڕادیکالیزمی ئیسلامییە لەناوچەکەدا، یان بە واتایەکی تر لەو سەردەمە تازەدا، ئەکتەرە خۆجێیەکان دەورێکی یەکلاکەرەوە لە دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەگێڕن.

بۆ ئەمەش ڕیچارد، هۆشداری دەداتە ئەمەریکا  کە خۆی لە دوو هەڵە بپارێزێ:

١- زیاد لە پێویست پشت بە هێز و زەبری سەربازی خۆی نەبەستێ، واتە ڕێگە بۆمیکانیزمی تر بکاتەوەو لای زێتر لە تورکیا و سعودیە بکاتەوە و لەگەڵ سوریا و ئێرانیشدا دەراو بۆ لێکحاڵیبوون، بکاتەوە.

٢- سەرگرتنی دیموکراسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، کارێکی ئاسان نییە و لە دەرەوەڕا بەسەر خەڵکیدا ناسەپێندرێ و چارەسەریش نییە بۆ تیرۆریزم، لەسەرینی ئەمەوە دەکرێ جارێ ئەمەریکا واز لە پرۆژەی بە دیموکراتیکردنی ناوچەکە بە عێراقیشەوە بهێنێ و زێتر کار بۆ  هێورکردنەوە و ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری بدا و بۆ ئەمەش ئامادەیی نیشان بدا لەگەڵ وڵاتگەلێکی نا-دیموکرات مامەڵە بکا و گۆڕانکاری بنەڕەتی و بە زەبری هێز و لە دەرەوەڕا بەلاوە بنێ و ئەمە بۆ کات و ڕیفۆرمی هەنگاو بە هەنگاو ئیرادە و ویستی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە جێ بهێڵێ، هەڵبەت ئەمە بەم مانایە نییە، کەپەنابردن بۆ زەبری سەربازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بە یەکجاری دوور دەخرێتەوە.

لێرەدا، دەگەڕێمەوە، بۆسەر جەدەلییەتی کارلێکی نێوان هۆکارگەلی دەرەکی و هۆکارگەلی ناوەکی لە ڕوودانی گۆڕانکاری و دیاریکردنی سەمت و ئاقاری ڕووداو و پێشهاتەکان، کە تا ئەم ساتەوەختە، گەلێک لە ئێمەمانان، زیاتر حیسابمان لەسەر دەوری هۆکاری دەرەکی کردووە تا ناوەکی! ڕەنگە بیرکردنەوەی لەمبابەتە، لەوەوە هاتبێ کە ئەمەریکا لە ئاکامی زەرەر و زیان و ئەو ئاسەوارە نێگەتیڤانەی کە هەرگیز لەو وڵاتانەدا چاوەڕوانی نەدەکردن، جارێ مەیدانەکە بۆ ساغبوونەوەی ململانێی ئەکتەرە ناوەکی و ئەقلیمییەکان، بەتایبەتی ململانێی مەزهەبی  و ئیتنی، چۆڵ بکا و لە دەرفەتێکی لەبارتردا بێتەوە ناو!

هەڵبەت لە دوای ڕوخانی سەدام حوسێنەوە، ئەمەریکا چەندی کرد و کۆشا، عێراقی بۆ نەکرایەوەبە دەوڵەت، ئەمڕۆ عێراق دەوڵەتێکی لە گرێژنە دەرچووی لەسەر لێواری لەبەریەکهەڵوەشانەوەدایە، لەباری واشدا وەک سۆماڵ ئاستی تەقینەوەی شەڕی تایەفی نێوان شیعە و سوننە، بەرز دەبێتەوە و ئەکتەری تر دێنە ناو کێشەکەوە، هاوکات  ئەگەری ئەوەش هەیە، چارەسەری بە ئاشتییانە ودەستوورییانەی کەرکووک و ناوچەکانی تر تەگەرەی تێ بخرێ و بە ئاقاری گرژی و نانەوەی ئاژاوە و شەڕی ئیتنی ببردرێ و سەر لەبەری ناوچەکە بسوتێ.

لێرەدا، ئەگەرو ڕەوتی ڕووداوەکان وا کەوتنەوە، کورد لە عێراقدا چی لەبەردەم دایە و دەتوانێ چ بکا ؟

جارێ هێشتا قەوارە سیاسییەکەی کوردستان و سنووری دەسەڵاتەکانی ئەو قەوارەیە، تەواوی ناوچەکانی نەگرتۆتەوە، هێشتا سەرجەم دامەزراوەکانی خۆی دانەکوتاوە و قایم و تەواو نەکردووە بەتایبەتی بوونی یەک هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە، پۆلیس و ئاسایش، هێشتا دەستوور ئیقرار نەکراوە، ئەمانە وەک دەڵێن پێشبڕکێی لەگەڵ کاتیان دەوێ، هەروا پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ، بەتایبەتی لاکردنەوەی زێتر لە نەتەوە و تایەفەکانی تری ناو کوردستان، ڕاکێشانی زێتری ئیسلامییەکانی کوردستانە بۆ ناو کاری هاوبەش و هەستکردنی زێتر بەرانبەر بە چارەنووسی کوردستان، بەردەوامبوون لەسەر باشتر خزمەتکردنی خەڵک و پاراستنی مافەکانیان و بایەخدان بە بوژانەوە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

لەسەر ئاستی عێراقیش، دەوربینین لە هێورکردنەوەی ڕەوشی ناو عێراق و ڕێگەگرتن لە پەرسەندنی تێکەڵهچوونەکان و چاوگێڕانەوە بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و کاراکردنی حکوومەت بە جۆرێک هەموو پێکهاتەکان بپارێزێ و هاوسەنگییەک لەنێوان عێراقییەکاندا دروست بکا، بە قازانجی کورد وگەیشتن بە خاڵی «لا رجعە»یە، ئەمەش بێ تەوافوق وڕێککەوتن نایەتەدی.

لەسەر ئاستی ناوچەکەش، نەرمی نواندن و پێڕەوکردنی دیپلۆماسییەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ دەرو جیراندا لەسەر  ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش و ئەمنییەتی هاوبەش، کارێکی شیاو وکردەنییە.

دیارە کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی و هەم قەوارەکەی لەم ساڵانەدا خۆیان بە دۆست و تەنانەت هاوپەیمانی ئەمەریکا زانیوە و  ویستوویانە تەرزە سیستەمێکی حوکمڕانی و بیرکردنەوە بخولقێنن کە لەگەڵ جیهانی ئازاد بێتەوە و ناحەزانیش، هەروا لە کورد گەیشتوون، بۆیە بەجێهێشتنی کوردستان  بەبێ پشتیوان غەدر وناهەقی و تەنانەت بێ ڕەوشتیی و خیانەتیشە، بۆیە ئەوە هەقی خەڵکی کوردستانە، بە ئاشکرا و بە ڕەسمی داوای مانەوەی سەربازی ئەمەریکایی لەناوچەکەیاندا بکەن!

**لە دوای ڕوخانی سەدام حوسێنەوە، ئەمەریکا چەندی کرد و کۆشا، عێراقی بۆ نەکرایەوەبە دەوڵەت، ئەمڕۆ عێراق دەوڵەتێکی لە گرێژنە دەرچووی لەسەر لێواری لەبەریەکهەڵوەشانەوەدایە، لەباری واشدا وەک سۆماڵ ئاستی تەقینەوەی شەڕی تایەفی نێوان شیعە و سوننە، بەرز دەبێتەوە و ئەکتەری تر دێنە ناو کێشەکەوە، هاوکات ئەگەری ئەوەش هەیە، چارەسەری بە ئاشتییانە ودەستوورییانەی کەرکووک و ناوچەکانی تر تەگەرەی تێ بخرێ و بە ئاقاری گرژی و نانەوەی ئاژاوە و شەڕی ئیتنی ببردرێ و سەر لەبەری ناوچەکە بسوتێ.**